# داواکاری سەردان بۆ بەشی پاڵپشتی لە منداڵانی (DCS)
# دەستنیشانکردنی هۆکاری ڕەزامەندی
# Appointment Letter for Division of Child Support (DCS) Good Cause Determination

ڕێکەوت: ژمارەی مشتەری:

بۆ:

بەڕێز/خاتوو ,

تۆ داواکاری هۆکاری ڕەزامەندیت پێشکەش کردووە و بە نووسینگەی خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتی ناوچەی خۆت وتووە کە ناتوانیت یارمەتی بەشی پاڵپشتی لە منداڵانی (DCS) بدەیت بۆ کۆکردنەوەی زانیاری یان یارمەتی پزیشکی. بەشی پاڵپشتی لە منداڵان، خزمەتگوزاری پاڵپشتییەکی تەواو دەستەبەر دەکات لە کاتێکدا کە تۆ خەریکی وەرگرتنی یارمەتی کاتیت بۆ خێزانە حەوجێ(نیازمەند) (TANF). ئەم خزمەتگوزاریانە دەکرێ بریتی بێت لەمانە: دانانی باوکایەتی لەلایەن بەشی پاڵپشتی لە منداڵان، تۆمار و /یان پەسەندکردنی بڕیارێکی پاڵپشتی، پەسەندکردنی ئیلتیزامی باوانی دیکە بۆ دەستەبەرکردنی بیمەی تەندروستی و پشکداربوون لە خەرجی پزیشکی بیمە نەکراو بۆ منداڵەکانت. کاتی دیداری خوارەوەم ڕێکخستووە بۆ گفتوگۆ لەپەیوەندی لەگەڵ داواکاری هۆکاری ڕەزامەندی و بۆ وەستاندنی هەر جۆرە هەنگاوێکی پاڵپشتی لە منداڵ و هەنگاوی تایبەت بە پاڵپشتی پزیشکی.

کاتی دیداری خوارەوەم ڕێکخستووە بۆ گفتوگۆ لەپەیوەندی لەگەڵ داواکاری هۆکاری ڕەزامەندی و بۆ وەستاندنی هەر جۆرە هەنگاوێکی پاڵپشتی لە منداڵ و هەنگاوی تایبەت بە پاڵپشتی پزیشکی.

| ناونیشان | ڕێکەوت | کات |
|---|---|---|

ئەگەر ناتوانیت بێیت، تکایە پەیوەندیم پێوە بکە لە ______________________ بە ____________. **ئەگەر پەیوەندی نەکەیت یان لەسەر کاتی بەڵێنییەکە ئامادە نەبیت، لەوانەیە داواکاری هۆکاری ڕەزامەندی تۆ ڕەتکرێتەوە.**

داواکاری هۆکاری ڕەزامەندی ناوبراو پەسەند دەکەم، ئەگەر دیاری کرێت کە:

- دەترسێیت کە خۆت یان منداڵ/منداڵەکانت کە لەژێر چاودێری تۆ دان لەبواری جەستەیی یان دەروونی بە جیددی تووشی زیان بێت/بن.
- منداڵەکەت بەهۆی دەستدرێژی یان زینا لەگەڵ نامەحرەم لەدایکبووە.
- پرۆسەی وەرگرتنی منداڵت دەسپێکردووە یان خەریکی ڕاوێژکاریت (بە ماوەی زیاتر لە سێ مانگ) لەگەڵ نوێنەرایەتییەکی وەرگرتنی منداڵ بۆ ئەنجامی ئەم کارە.

لە کۆبوونەوەی دیداردا، دەتوانیت ڕاگەیاندنێکی واژۆکراو بنووسیت و لەودا نیگەرانی و دڵەڕاوکێی خۆت ڕوون بکەیەوە. هەروەها دەتوانی زانیارییەکانی دیکە پێشکەش بکەیت کە داواکارییەکەت بەهێز دەکەن، ئەگەر لەبەردەستدا بن. هەندی لە نموونەکان بریتین لەمانەی خوارەوە:

- ڕاپۆرت(ەکان)ی پۆلیس،
- پیشینە(ەکان)ی پزیشکی،
- پیشینە(ەکان)ی دادگایی،
- بڕیاری پشتگیری توندوتیژی ماڵەوە،
- ڕاگەیاندنەکان بە نووسراوە لەلایەن بەرپرسانی ئایینی، هاوڕێ، خزم، دراوسێ و هاوکارەکان کە لەو ڕاگەیاندنانەدا مەترسی روونکرابێتەوە.
- نووسراوە لە پەناگە(کان)ی توندوتیژی ماڵەوە یان
- نووسراوە لە ڕاوێژکار(ان)ی توندوتیژی ماڵەوە یان

**لەم کۆبوونەوەدا چی ڕوو دەدات؟**

- تۆ دەتوانیت ڕوونی بکەیەوە کە بۆ دەترسێیت کە بوونی پاڵپشتی منداڵ و پاڵپشتی پزیشکی دەتوانێت زیان بگەیێنێت بە تۆ یان منداڵەکەت/منداڵەکانت.
- دەتوانین سەبارەت بە یارمەتییەکانی دیکەی پێویست بۆ تۆ بۆ بەردەوامی لە سەلامەتی و ئاسایشتان قسە بکەین.

**ئەگەر ڕاگەیاندنێکی واژۆکراوی تۆ یان زانیارییەکانی دیکە لە لایەن تۆوە ئاراستە نەکرێت کە پیشان بدات بۆ پاڵپشتی منداڵ یان پاڵپشتی پزیشکی دەتوانێت زیان بگەیێنێت بە تۆ یان منداڵەکەت/منداڵەکانت، چی ڕوو دەدات؟**

- ئەگەر هۆکارەکانی ڕاگەیێندراو، پێداویستییەکانی مەبەست بۆ ڕەزامەندی لەسەر داواکاری هۆکاری ڕەزامەندی دەستەبەر نەکات، لەوانەیە داواکاری تۆ ڕەتکرێتەوە و
- کەیسی تۆ ڕەوانە دەکرێت بۆ بەشی پاڵپشتی لە منداڵان تاکوو کەسێکی پاڵپشتی لە منداڵ بۆ پەسەندکردن بۆجێبەجێکردنی خزمەتگوزاری تەواوی پاڵپشتی بکرێتەوە.
- لەوانەیە پارێزەرکی تایبەت بە توندوتیژی ماڵەوە لە نووسینگەی خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتی ناوچەیی تۆ هەبێت کە بتوانێت لە کۆبوونەوەکەدا ئامادەبێت. بۆ زانیاری زیاتر پەیوەندی بکە بە نووسینگەی خزمەتگوزاری ناوچەیی خۆت

**چی ڕوودەدات ئەگەر تۆ بە بڕیاری ئێمە ڕازی نەبیت؟**

1. دەتوانیت بۆ داواکاری لێپرسینەوەیەک پەیوەندی بکەیت، لە ماوەی 90 ڕۆژ، لەگەڵ نووسینگەی خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتی خۆت یان نامە بنووسیت بۆ نووسینگەی لێپرسینەوەکانی فەرمانگەیی بە ناونیشانی Office of Administrative Hearings, PO Box 42489, Olympia WA 98504-2489. ئەگەر داواکاری لێپرسینەوە(گوێگرتن) پێشکەش بکەیت، بەشی پاڵپشتی لە منداڵان کار لەسەر کەیسی تۆ دەسپێناکات هەتاکوو دانیشتنی لێپرسینەوەکە کۆتایی پێدێت. پارێزەرێک یان کەسێکی دیکە دەتوانێت نوێنەرایەتی تۆ بکات لە دانیشتنی لێپرسینەوەکەدا، یان ئەوەیکە تۆ دەتوانیت نوێنەری خۆت بیت.
2. دەتوانیت داواکاری خۆت بۆ وەرگرتنی یارمەتی کاتی بە خێزانە حەوجێیەکان وەربگریتەوە. هەرچەندە، بەشی پاڵپشتی لە منداڵان لەوانەیە لەسەر کەیسی تۆ کار بکات لە کاتێکدا کە یارمەتی کاتیت وەردەگرت بۆ خێزانە حەوجێیەکان.
3. دەتوانی بەردەوام بیت لە وەرگرتنی یارمەتی و بەشداری بکەیت لە چالاکییەکانی جێبەجێکاری پاڵپشتی. هەرچەندە، ئەگەر لەم چالاکیانەدا بەشداری نەکەیت، بەشی پاڵپشتی لە منداڵان بەردەوام دەبێت لە کارکردن لەسەر کەیسی تۆ و ئەگەر داواکاری هۆکاری ڕەزامەندی تۆ ڕەت بێتەوە، یارمەتی نەختی(کاش) تۆ ڕەنگە 25% کەمبێتەوە.

پارێزەرێک یان کەسێکی دیکە کە بژاردەی تۆ بێت دەتوانێت نوێنەرایەتی تۆ بکات لە دانیشتنی لێپرسینەوەکەدا، یان ئەوەیکە تۆ دەتوانیت نوێنەری خۆت بیت.

**دەتوانیت ڕاوێژکاری یان پێشکەشکاری یاسایت هەبێت؟**

دەتوانیت پەیوەندی بکەیت بە خزمەتگوزاری یاسایی حکومەتی بەژمارەی 1-888-201-1014.